**The Social Democratic Party of Kurdistan**

**Parti socialdemokrati Kurdistan** (rojhelat)

# ٣٦٤ ڕۆژ ٨ ـ ـی مارس

ژنان بە درێژایی مێژوو لایەنێکی ژیان بوون،

ئەمە قسەیەک نییە کە شایستەی چەپڵەلێدان بێت. بەڵام پاشان دەبینین کە ئەگەر بە درێژایی مێژوو ژنان لایەنێکی ژیان بوون و دەبن، بۆچی هەمیشە ژنان لە دەستی دوو و سێ و لێرە و لەوێ وەک کەسی سێهەم باس دەکرێن؟

ژنان بە درێژایی مێژوو لایەنێکی ژیان بوون، ژیان بە هەموو مانایەک لە خۆشیی و ناخۆشیی و خەبات و تێکۆشان و سەرکەوتن و نسکۆ، بەڵام لە شوێنێکدا دەستەڵاتی سیاسیی کەوتە دەست پیاوان. پیاوان مێژوویان نووسیەوە و بوون بە خاوەنی مێژوو. بەشێکی هەرە زۆری مێژووی نووسراوە بۆ پیاوان و لە سەر پیاوان و سەبارەت بە کار و خەبات و ئامانجی ئەوان بووە و ئێستایش هەر وایە.

پاوانکردنی دەستەڵاتی سیاسیی لە دەستی پیاواندا جۆرێک لە پیاوپەرستیی وەبەرهەم هێنا کە بە درێژایی مێژووی نووسراوە دەیبینین. لە ئایینە ئاسمانیەکاندا باسی ئادەم و نوح و ئەبرەهام (ئیبراهیم) وەکوو کەسایەتی ناوەند دەکرێت. لەو بەسەرهاتانەدا ژنان هەمیشە بەشێکن لە سێبەری پیاو و لە چیرۆکەکانی ئەوان. ژنان موڵکی پیاوانن و بەشێکن لە موڵک و لە سامانی پیاوان. ژنی باش و "ڕووسوور" و "ڕووسپی" ئەوانەن کە بێ هیچ هەلومەرج و خستنەژێرپرسیارێک باوەڕ بە مێردەکانیان دەهێنن، تەنانەت لەو کاتانەیشدا کە مێردەکانیان پێ لە سەر موعجیزە و پەیامنێرێتی خوداش دابگرن.

بە درێژایی مێژووی نووسراوە دەبینین کە چۆن ژن لە ژێر ئەو هەلومەرجانەدا بردرایە ناوەندی دەستەڵاتەوە، جا چ کۆشک و قەڵا یان دیوەخان و تەکیە بێت، و تەنانەت دەفتەری سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی ئەحزابگەلی چەپی سونەتیش.

پیاوان زوو خۆیان کرد بە نماییندە و نوێنەرانی دەنگی ئاسمانەکان و خودا. پیاوان سەرچاوە بوون و ژنانیش لایەنگر و ئەندام . پیاو هەمیشە سەر بووە، ژن پاشکۆ.

لە ناوەڕاستی ١٤٠٠ کاندا کریستین دی پیزان Christine de Pizan لە ڕێگای ئایینەوە،

**info@psdkurdistan.org** **Bankkonto (لە سوێد) : 310-7679** **www.psdkurdistan.org**

**(Swedbank)** SE0480000832799133360504 **ژمارەحیسابی بانک لە دەرەوەی سوێد**

دروست هەروەک چۆن هەندێک ژنە کوردی موسڵمان ئەمڕۆ وا دەکەن، ویستی بە پێی ئینجیل بەرابەریی ژنان و پیاوان بسەلمێنێت. چوارسەد ساڵ دوای ئەوە خانم ژان دی ئارک Jeanne d´Arc، پاش ئەوەیش کە وەک کەسێکی لێهاتوو خۆی سەلماندبوو، بە گومانی ساحیریی، کە وا لێک دەدرایەوە بەرگریی لە ژنان دەکات، ئاور درا.

لە سەردەمی فەلسەفەی ئەتنیک و پاش ئەتنیکیش تا پاش سەردەمی ڕۆشنگەریی و سەرەتای پەیدابوونی لیبرالیزم ژنان گومانلێکراوان و لە باشترین حاڵەتدا ئەوان دەکرێن بەو پێچ و مۆرانەی پیاوان نوقسانی تێدا دەهێنن.
سەردەمی ڕۆشنگەریی کەوتە زۆرانێکی گەورەوە لەگەڵ پرسی جیاوازی کۆمەڵگادا، بەڵام لانی کەم لە پرسی ڕەگەزپەرستیی و ژناندا زۆر بە توندیی کەم و کورتی هێنا. ڕۆسیۆ کاتێک لە ساڵی ١٧٦٢ دا "ئیمێل Èmile"ـ ـی سەبارەت بە پرسی خوێندن و کۆمەڵگا نووسی، نێزیکەی ٣٠ ساڵی خایاند تا ماری واڵستۆنکرافت Mary Wollstonecraft لە وەڵامی ئەوەدا و لە سەنگەری ژنانەوە کتێبی "لە بەرگریی لە مافی ژنان ١٧٩٢" ـ ـی نووسیی. ماری بوو بە یەکەمین فێمێنیست کە ڕاشکاوانە و بوێرانە بەرگریی لە ژن و مافەکانی کرد.
ماری هەروەکوو زۆری دیکە لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسییدا بوو، بەڵام سەرمەشقانی شۆڕشی فەڕەنسیش لە ژێر ئەو کاریگەریانەدا بوون کە شۆڕشی پیشەسازیی بەریتانیا بەرهەمی هێنابوون. شۆڕشی فەڕەنسیی چەمکی "شارۆمەندیی" کە لە تێزی سیاسیی یۆنانەوە، کە "شار- دەوڵەت" هەبوو، گۆڕی بۆ چەمکی هاووڵاتیبوون و یەکسانی و بەرابەریی هاووڵاتیان، بێگومان بە ژنانیشەوە. بەڵام هەر هەمان شۆڕش، چوار ساڵ دوای هەموو ئەو جاڕنامە و خۆهێنانوبردنە لە ساڵی١٧٩٣ دا، یەکێک لە گەورەترین پاڵەوانەکانی خۆی بە تاوانی ناپاکیی لە سێدارەدا. ئەو ئولیومپ دی گۆگێ Olympe de Gouges بوو.
تیربارانکردنی ئەو کەسایەتیانە بە مردنی ئەو قۆناخە خۆی لە ساڵی ١٧٩٩ دا کۆتایی پێ هات.
شۆڕشی فەڕەنسی بوو بە گۆڕستانی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان.
بەڵام مێژووی ڕوو بە سەرکەوتن بۆ وەدەستهێنانی زیاتر لە مافی ژنان بەردەوام بوو. یەکێک لە گەورەترین پیاوانی فێمێنیست، فەیلەسوفی لیبرال جان ستیورت میل John Stuart Mill بوو. میل، بە پێچەوانەی هەموو فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەریی کە بێ ئەوەی بزانن چەمکی ڕەگەزپەرستیان داهێنا و ژنیان بە کەم ئەقڵ و بە بوونەوەرێکی سۆزبەستە دادەنا، ئەو خودی چەوساندنەوەی ژنانی بە ڕەگەزپەرستیی دا نا.

میلی لیبرال مێژووی ژنان و مرۆڤایەتی گۆڕی.

لەگەڵ بەردەوامیی خەباتیشدا دۆخی ژنان بە هەمان ئارەزووی مارى و میل نەگۆردرا. ژنان لە بارودۆخێکدا ژیان و دەژین کە خۆیان پڕیاریان تێدا نەداوە و دۆخی ئێستایان بەرهەمی ئەو نەزمە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەیە کە پیاوان ئەندازیارین و کە لە پشت پەردە و لە بەر چاوی هەموانەوە نەخشەی بۆ دەکێشن.

لە قووڵبوونەوە لە خەباتی ژناندا یەکێک لە سەرئەنجامەکانی ئەو ئاماژەیە ئەوەیە کە ژنان خۆیان دەبێت ببن بە ڕووخێنەری ئەو نەزمە.

خەباتی ژنان و پیاوانی فێمێنیست بەردەوام بوو. بزووتنەوەی سەفەرگەیتەکان لە بەریتانیا هێزێکی دیکەی بە خەباتی میل بۆ وەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان دا. شۆڕشی ڕووسیی و کۆماری یەکێتی سۆڤیەتیەکان لە ساڵی ١٩١٧ دا هیوایەکی گەورەی بە ژنانی خەباتگێر بەخشی.

بەو شێوەیە بزووتنەوەی لیبرالیی بێ ئەوەی بە تایبەتی بیری لە ژن کردبێتەوە گەورەترین دەروازەی لە سەر خەبات و تیکۆشان و بە ڕەسمی ناسینیی ژنان خستە سەر پشت. لیبرالیزم دروشمی تاکەکەسبوونی لە ناڕەزایەتی دەستەڵاتی خودا و نوێنەرە ڕەهاکانی سەرزەویدا بڵند کرد. تاکەکەس بوو بە ناوەندی بیر کردنەوە. هەموو زلهێزەکانی کۆمەڵگا، بە سەرزەمینیی و ئاسمانیەکانیانەوە خرانە ئەو دیو سفاری تاکەکەسەوە. ژنیش تاکەکەس بوو. کەواتە ژنیش دەبێت هەمان ئەو ماف و ئەرکانەی هەبێت کە بۆ تاکەکەسی گشتیی هەیە. پاشان لە بزووتنەوەی لیبرالیزم و سۆسیالیزمدا دەرکەوت کە دروشمەکان ئەگەرچی ڕازاوە و بریقەدار و دڵبزوێن، بوون، بەڵام خەت و شاخەی جۆراوجۆر لەو دوو ئایدیۆلۆژە بەرینە دەبوونەوە کە هەریەکە و بە شێوەیەک ئەو ماف و ئەرکانەی هەڵدەسەنگاند و دەنرخاند. ئێستایش هەر وایە.

ئەوە بووە هۆی فرەلایەنی بزووتنەوەی فێمێنیزم.

بزووتنەوەی فێمێنیزم لک و پۆپی لێبووەوە و بوو بە خاوەنی کەسایەتی جۆراوجۆری خۆی. یەکێک لەوانەی کە ناکرێت لە دەرەوەی ئەم باسە بهێڵرێتەوە خانم سیمۆن دیبوڤوا ـ ـی هاوسەری ژان پاوڵ سارتەر بوو. دیبڤوا و سارتەر لە سەر مەسەلەی ژنان و خەباتی ئازادیخوازانەی فەڕەنسا و خەباتی چینایەتی لە دەرەوەی تێگەیشتنی لێنینیستیدا باسێکی نەمرن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە مرۆڤ بە گشتیی دەتوانێت پێداگر بێت کە بزووتنەوەی فێمێنیزم لە خەباتی ڕۆژانە و پاشەڕۆژی خۆیدا قازانج بە دۆزی ژنان دەگەیەنێت، بەڵام شێوەی خەبات، میتۆد و میتۆلۆژیی، دەلیل و دەلیلهێنانەوەکان و لێکدانەوەکان و هەنگاوەچارەکان، هەموو جیاوازن و لە پراکتیکدا جێبەجێکردنیان زەحمەت دەبێت. ژنان، ئەگەرچی لە زۆر ڕووەوە هاوگیروگرفت و هاولەمپەر و هاوتووش بن، بەڵام بۆچوونی ئەوان بۆ چارەسەر و بۆ لێکدانەوە و بۆ پلان و ستراتیژیی دەگۆڕێت.

لە سەردەمی ئێستادا بۆجوونی گشتگیری وەکوو "ژنان هەموو چەوساوەن" یان "چەوساوەکانی جیهان یەکبگرن" وا ڕوون و بێگومان نییە کە لە سەرەتادا دێتە گوێ. بزووتنەوەی فێمێنیزمی ئیسلامیی بە توندی پێدادەگرێت کە ژن لە ئایینی ئیسلامدا ناچەوسێتەوە. ژمارەی ئەو ژنانە کەم نیین کە پێیان وایە پەچە و چادر و عەبا و جلوبەرگی ئیسلامیی نە هەر بە دژی ژنان ساخ نابنەوە، بەڵکو هەروەها سوودبەخشیشن. ئەوانە، کە بێگومان لە ناو کاتۆلیک و شێوەی دیکەی ئایین و ئایینزادا هەن، پێیان وایە کە ژنان نابێت لە پرسی کورتاج و لەباربردن و زاوزێدا قسەیەکیان هەبێت. باسەکە، یان ڕاستر بڕیارەکان، حەواڵەی خوداکان و پیاوان دەکرێنەوە.

زۆر لایەن هەن، بە تایبەتی لە ناو چەپی سونەتییدا و لەوانە لە ناو کورددا کە تەیفێکی لە ڕووی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیەوە بێ سەواد و بێ خوێندن و بێ خوێندەوەیە، لەبەر ئیسراحەتی تیئۆریی و پراکتیک خۆ لەم باسانە لا دەدەن. دەزانن کە وروژاندنی ئەو باسانە کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە و ڕێگاکان زەحمەتر دەکات. دۆخی ناحاڵیبوونی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی ئەو لایەنانە وا دەکات کە خودئاگا بۆ هاسانکردنی شیکردنەوە و تەحلیکی سیاسیی خۆیان پەنا دەبەنە بەر چارەسەری قاڵبیی و خۆ لەو باسانە و لە ڕەهەندی گیرۆدەبوونیان وەدوور دەگرن. گشتگیریی و چارەسەری خوداییانە هەمیشە خوانێکی ئامادە و حازر بەدەستە.

ژنان نیوەی کۆمەڵن، قسەیەکی بێتامی ڕۆژگاری ئەمڕۆیە کە هێندە شۆردراوەتەوە ڕەنگ و بۆی پێوە نەماوە.

گفتوگۆکان ئیتر نابێت لە ئاستی "نیوەی کۆمەڵ" و "گوناه" و بە رۆمانسیکردندا بهینرێن و ببردرێن. گفتوگۆکان ئیتر دەبێت کۆنکرێت و ئامانجدیار و ئامانجئاگا و ستراتیژدار بن. لەبەرئەوە بوو ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری سیاسییمانەوە لە پرۆگرامی سیاسییسدا پریارماندا کار بۆ "نیوەی دەستەڵاتی سیاسیی بۆ ژنان و مووچەی تەواو" بکەین. ئێمە دەزانین کەمتر لەم داوایە درێژەدانە بەو نەزمە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیەی پیاوان وەبەرهەمیان هێناوە و دای دەسەپێنن.

بەڵام ئەو کارە چۆن دەکرێت؟

وەڵامی هاسان و حازربەدەست هەمیشە بەرهەمی کاری پەلە و بەرپرسیارێتیی هەڵنەگرتنە. ئێمە پێمان وایە چارەسەرەکان دەتوانن زۆر بن و هەر یەکەی بە شێوەیەک و لە جێگای خۆیدا کەڵک و قازانج بە تاکەکەسێکی ژن یان بە گرووپ و چینێک بگەیەنێت. لەبەرئەوە ئێمە دژ بە چارەسەری قاڵبی و پشت دەرگای داخراوین و لەگەڵ چارەسەرگەلێک داین کە لە گۆڕەپانە ئاوەڵەکاندا ژنان و پیاوانی ژندۆست و ئازادیخواز پێی گەیشتبن.

ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، لەبەرئەوە لەگەڵ خەباتی ڕیفۆرم داین.

ڕێپێوانی ژنانی فەڕەنسا بەرەو ڤێرسالیَ کە زۆربەیان فرۆشیاری دەستی بوون، کە لەوێدا کچان بە بەرگی سپییەوە (سیمبولی نازەبرگیریی) پێشکاروانی ڕێپێوانەکە بوون و سەرکاروانیان لە ڕووخانی باستیلدا سیمبولی تێکۆشان و خەباتی ژنانە بۆ نان، بۆ ڕێز، بۆ ماف، بۆ بەرابەریی، بۆ ئازادیی لە هەڵبژاردنی هەموو شتیکدا و بۆ لە گۆرنانی لە ژێرەوەبوونی جنسیی.

info@psdkurdistan.org Bankkonto (لە سوێد) : 310-7679 www.psdkurdistan.org

(Swedbank) SE4800000832799133360504 ژمارەحیسابی بانک لە دەرەوەی سوێد

لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ئێمە بە بەردەوامیی و ڕۆژانە ژنی وەکوو خانم "جێنی" هاوسەری کارل مارکس دەبینین، کە سەرەڕای دژواریی ئەو پەڕی نامرۆڤیانە، تەنانەت ئەو کاتەیش کە پێخەف و وردە کەرەستە و شڕوشیتاڵی ماڵیان لە بەر نەبوونی پارەی کرێنشینیی، فڕێ دەدرێنە سەر جادە، ئەمان خۆیان دەگرن و لە سەر خەبات بۆ ژیانێکی باشتر و ئازادتر تێدەکۆشن. مێژوو لە نیشاندانی ئەو وێنانەدا کە سەبارەت بە پیاون هیچ درێخیەکی نەکردووە، بەڵام لە نیشاندانی ژن و ژناندا وەک خاوەنەکەی چڕچنۆکە.

کوردستان، هەروەکوو زۆرێک لە خاکی داگیرکراو، پڕە لە نموونەی شایانباسی لەو جۆرە. لە ژنانێک کە ڕۆژانە نەکەمتر لە پیاو لە پرۆسەی تێکۆشان و خەباتدا هەن و بوون، کاری حیسابنەکراوی ژن و کچی کورد لە ماڵدا، بۆ برا و باوک و مێرد و ئامۆزا و پورزا، کاری بیستوچوارسەعاتەی بێکۆتایی و پێنەزانراو و نەبینراوە. کارێکە کە لە سەر ژنانی کورد لاق و دەست و سێبەنگە و پشت و کەسایەتی کەوتووە و دەکەوێت. هاوکات سەرمایەیەکە کە دەچێتە گیرفانی هەزار بە هەزاری پیاو و سەرمایەدارییەوە. کاری هەمیشەی ژنی کورد لە منداڵ بەخێوکردن، لە مەزرا و کێڵگاکان، لە کوورەخانەکان و لە شیرکەتەکان و لە شوێنەکانی دیکەی بەرهەمهێناندا کاری نیوەکۆیلەیی و بێ بیمە و بێ ئاییندەیە. ژنانی کوردستان هەمیشە دەستیان لە کار و مێشکیان بە "پاش ئەمە چی دیکە بکەم" مەشغوڵە، بەڵام لە شوێنێکدا ڕەنجی ئەوان دەبێت بە سەرمایەی نەزمێک کە لە هەرە دوور ڕا دا بۆنی پیاوسالاریی و کۆنەپەرستیی لێدێت. نەزمێکە کە هەروەها دەستەڵاتی داگیرکار دەیهێڵێتەوە و قسەی تێدا نییە کە پیاوانی کۆنەپەرستی خۆماڵیی درێژەی پێ دەدەن. نەزمێک کە دەرەبەگ و ئاغا و شێخ و سەید، لە دیوەخان و خانەقا و مزگەوتەکاندا بە پێوە ڕای دەگرن. نەزمێکە کە تەنانەت لە ناو بازنەی ئەحزابی چەپی سونەتیی، لە بنکەکانی دەستەڵات و لە خوێندگاکانیشدا درێژەی پێ دەدرێت. نەزمێکە کە لە نەخۆشخانەکان، لە تیمارگاکان، لە کاتی تیمار و چاوەدێرییدا دەبینرێت، نەزمێکە کە لە چوارچێوەی ماڵ و لە دەوروبەری گەڕەکە ماڵدا ڕۆژانە دەژیانرێت. ئەو نەزمە خاوەنی هەزاران قوربانییە. لەو قوربانیانەدا ژن شەرەفە، موڵکە، ناموسە، گومانلێکراو و تاوانبارکراوە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز هاووڵاتیی و تاکەکەس نییە.

ژنی کورد مامەڵەی ماشێنێکی لەگەڵدا دەکرێت کە بۆ ئەوە دروست کراوە بەردەستی پیاوان بکات و پێویستی جۆراوجۆری ئەوان پڕ بکاتەوە.

دیفاعی پیاوانی کۆنەپەرست لە ژنان هەمیشە، لە ناوەڕاستی تراژیدیای خۆیدا، پێکەنینهاوەرە. تەنانەت ئەو کاتانەیش کە پیاوان داوای فرەژنی دەکەن، دەگوترێت کە لە بەرخاتری ژنان دەکردرێت تا هەموو ئەو ژنانەی نەیانتووانیوە شوو بکەن، فرەستێکیان دەست بکەوێت.

بەڵێ، هەموو ئەو ژنانەی بە هۆی جوداوە نەیانتووانیوە پیاوێکیان بە تەواوی دەست بکەویت، ئێستا بە هۆی یاسای فرە سەخیی فرەژنیی پیاوانەوە ئەو هەلەیان لەبەردەستدایە کە هیچ نەبێت لەتەپیاو و چارەکەپیاوێکیان دەست بکەوێت، بە پێی ئەوەی کە چەند ژبی هەیە.

لەو ڕووانگایەوە، گیروگرفتی ژنان، نەبوونی پیاوە. پیاو حەوت دەرمانەی ژنانە و ئەو نوقسانیەیان بۆ پڕ دەکاتەوە کە لە پەراسوویەکەوە بیانگەیەنێتە هاوئاستی پیاو.

ئەدی چارەسەر؟

چارەسەر هیچ کاتێک حازر بە دەست نابێت و پەنابردن بۆ باوەشی چیرۆکە گەورەکان دەستکەوتێکی نابێت کە مایەی خۆشحاڵیی شایانباس بێت.

کاتێک بە سەدان هەزار ژنی رووسیای قەیسەریی بە هیوای بەهەشتی کۆمۆنیزم بە پێی ڕیسێپتی لینین، دڵخوازانە و خۆبەخشانە خۆیان دەکرد بە پرد و بە چەرخی گالیسکەی مێژوو نەیاندەزانیی ڕووخانی ئەو نەزمە خەباتێکی دووروودرێژتری دەوێت.

نموونەی خەون بینین بە چارەسەری حازربەدەستەوە لە بزووتنەوەی کلاسیکی شۆڕشگێریدا زۆرن. ڕۆزا لوکسەمبەرگ، خەونی بەوەوە دەدیت کە هەموو مرۆڤەکانی دونیا وەکوو ئەو ئامادەی شۆڕشی سپی بەڵام ڕێکخراو و مست قایم بن و بەرابەریی ژنان و پیاوان قبوڵ بکەن و وەکوو تاکەکەسێکی کۆمەڵیی ڕەفتار

بکەن. خەونەکەی لە زۆر ڕووەوە باش بوو، بەڵام حەیفێک لە پراکتیکدا قابیلی لەدایکبوون نەبوو.

ڕۆزا لە کاتێکدا بە گوولەیەک سارد کرایەوە کە لێنین دەستەڵاتی خودایی لە یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو و دەیتوانی ژیانی بپارێزێت. ئەو کاتەیش کە کوژرا، هەروەک چۆن مرۆڤ سوود لە درەخت تا ئەو کاتەیش وەردەگرێت کە دەیسووتێنێت، ئاوا ئەمیش کرا بە یەکەم سڵاوی کردنەوەی کۆنگرەی ئینتەرناسیونالیزمی کۆمۆنیزم. کلارا زێتکینی هاورێی ڕۆزا کە دەستپێشکاری هەبوونی ڕۆژێکی تایبەتی بوو (٨ مارس) بۆ ڕۆژی ژنان (پێش ئەوە پارتی سۆسیالیستی ئەمەریکا بریاری دابوو کە ٢٨ فێبریوەری ١٩٠٩ بکرێت بە ڕۆژی ژنان و بە هەر حاڵ لە کۆنفرانسی ژنان لە کۆپنهاگن ساڵی ١٩١٠، ڕۆژی ٨ مارس بۆ ئەو بۆنەیە داکوترا) لە وتارێکیدا ئاماژە بە چاوپێکەوتنیک دەکات کە لە پاییزی ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ لێنین دا هەیبووە ( "لێنین سەبارەت بە ئازادبوونی ژنان V.I. Lenin om kvinnans frigörelse") .

کلارا تازە بوو بوو بە کۆمۆنیست و ئەو وەفادارییەی بۆ لێنین دەنوواند کە لێنین حەزی دەکرد لە ڕۆزادا ببینێت و کە نەیبینی. لەوێدا کلارا، وەک ئەوەی لە دووریشەوە شەرم لە ڕۆزا بکات کە نێزیکەی ساڵێک بوو کوژرابوو، باسی گرینگی ڕۆزا لە خەباتە کۆمۆنیستیەکەدا بۆ لێنین دەکات. لێنین لەوێدا خۆی لەو باسە نادات، بەڵام بە پێی ئەو گێرانەوەیەی کلارا کە بە داخەوە پێنج ساڵ دوای چاوپێکەوتنەکە نووسیویەتی، واتە لە ساڵی ١٩٢٥ دا، لێنین باسێکی گرینگ دەکاتەوە کە وەک باس هەمیشە نەمر دەبێت. لەوێدا لێنین سەبارەت بە "ئازادیی خۆشەویستیی" دەدوێت نەک "خۆشەویستیی ئازاد". ئەوانەی لێنین دەخوێننەوە و لە سیاسەتدا قووڵن دەزانن جیاوازیی لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا چەند گەورەیە.

کلارا، هەروەکوو ڕۆزا و سەدانی تر و وەکوو هەزاران لە لاوانی کچ و کور، سەرگەرم و لایەنگری"خۆشەویستیی ئازاد" بوون، بەڵام لەو چاوپێکەوتنەدا دەبینێت کە لێنین چ جۆرە ژنێکی دەوێت، ژنی شۆرشگێر، ژنی خۆرێکخەر، ژنی پرۆلیتاریا، ژنێک کە خۆشەویستیی بکات و بالانسی خۆشەویستیی و بەرپرسیاریی حیزبیی و

هەڵسووراویی سیاسیی ڕابگرێت و لە گێژاوی خۆشەویستییدا دیسپلینی پارتی پرۆلیتاریای لێ ون نەبێت. لەوێدا لێنین توورەیی خۆی بەرانبەر ئەو پیاوانە ناشارێتەوە کە "هەر بە بینینی کوتێک لە دامێنی ژن بەر دەبنەوە" و ئەو کچانەی مێشکیان لە دڵیاندایە. مرۆڤ دەتوانێت تێگەیشتنی جیاوازی لە سەر بۆچوونی جیاواز هەبێت و حەتمەن دەکرێت کە لێرەولەوێ بە پێی بارودۆخ ئەو قسانە دروست یان نادروست بن.

ئەوی لێرەدا شایان باسە، هەر تەنها کرۆکی قسەکانی لێنین نییە، بەڵکو هەروەها ئەو دەستێهاوردنەیەتی کە لە دۆزی ژنان، لە خواست و ویستی ئەوان، لە سۆزی دڵ و لە تێگەیشتنی ئەوان بۆ خۆشەویستیی، بۆ سیاسەت، دەیکات. کلارا زوو خۆی دەدات بە دەستەوە و کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکەیان دەهێنن. لێنین ئاماژە بە کاتژمێرەکە دەکات و داوای بەخشین دەکات کە نیوەی کاتەکەیان بە باسێکەوە خایاندووە کە بەشێک نەبووە لە ڕۆژەڤی ئەمڕۆیان. ئەوجا هەروەک هەمیشە شۆخی دەکات و بە پێکەنینەوە دەڵێت "دەتوانم بیانووی دواکەوتنم بۆ ئەم کۆبوونەوەی بۆی دەچم ئەوە بێت کە ژنان چەنەبازن، لە نەریتدا زۆرەبڵێیی ژنان بەناوبانگە، کەچی ئەوە من بووم کە هەموو کاتەکەم بە قسەکردنەوە بە سەر برد".

کلارا زێتکین زوو کەوتە ناو لێشاوی شەپۆلەوە و لەگەڵ شەپۆلی لێنینیستیدا ڕۆی. پێی وابوو خەوشێک لە سۆسیالدیموکراتیدایە و بە بەکۆمۆنیستبوون ڕەهای دەکات. کلارا وەک زۆر ژنە خەباتگێری دیکە بەو خەونەوە سەری نایەوە. کە نادسیدا کروپسکایا Nadesjda Krupskaja ـ ی هاوسەری لێنین پاش دە (١٠) ساڵ ئەو وتارانەی لێنینی دووبارە کۆکردەوە ( "لێنین سەبارەت بە ئازادبوونی ژنان V.I. Lenin om kvinnans frigörelse) و بە پێشەکیەکی خۆی و بە وتارەکەی کلارا کۆتایی پێهێنا لەبەرئەوە نەبوو بیر لە ڕۆژی ژنان و مافی ئەوان بکاتەوە. ئەو کاتە ٣٠ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٣٣ بوو، پێوەندیەکی تایبەتی بە ڕۆژی ژنانەوە نەبوو. بەڵام ئەو کاتە ستالین لە ئەوجی دەستەڵاتدا بوو. لە کاتی نەخۆشبوونی لێنیندا سووکایەتی بە نادسیدا دەکرد و لێنین نەیدەتوانی لە سەر کورسیەچەرخدارەکەیەوە وەڵامی پێویست بداتەوە. ئێستا نادسیدا ئەو دەنگە کزەیشی نەمابوو بەرگریی لێ بکات. نادسیدا وەک هەر ژنێکی دیکە کە هاوسەر

و هاوڕێیەکی خەباتی ون کردبێت خەفەتبار و بێدەستەڵات بوو و ڕوو لە جیهانێکی دیکە دەپڕووانی، بە کۆکردنەوەی ئەو وتارانە دەیوسیت خۆی لە ڕیالیزمی تاڵی چواردەوری دوور بخاتەوە و ئەو وتارانەی لێنینی دەکرد بە ئەسپێکی خەیاڵ کە هەڵیبگرێت و بەرەو دونیاییەکی ڕۆمانسی، جوانیەکی دەستلێنەدراو و پەی پێنەبراو، بیبات. لەو کاتەدا نەیدەزانی دەبێت لەو تەنهاییەدا شەشساڵی دیکەش بژی. نادسیدا، هەرچەندە بە هۆی ئەوەوە کە هاوسەری لێنین بوو لە زۆر ژنی دیکە بەخت یار تریش بوو، وەکوو زۆر ژنی دیکەی خەباتگێر، کۆتایی پێشەکی کتێبەکەی بە هیوای سەرکەوتنی ژنان و پارتی کۆتایی پێهێنا،.

ئالێکساندرا کۆلۆنتای لە کۆشکی چیرۆکی مەزنی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیدا لە ناو بازنەی دەستەڵاتییشدا بوو کە هێدی هێدی لە گوڵی شۆڕشەوە کرا بە خارێک کە هەموو بازیان بە سەردا دەدا. ئالێکساندرا، بە پێچەوانەی لێنینەوە، وەکوو ڕۆزا و کلارا سەرمەستی عیشقی ئازاد و وێنەی ئەو ژنە بوون کە لە ناوەڕاستی خۆپیشاندان و ڕێپێوان و گەرمەی شۆڕشدا ڕەگی گەردنی هەڵدەسێت و مەمکێکی لە ئێخەی کراسی بە دەست زەمانەوە دڕاوەوە لە هەوای ئازاددا سەما دەکات، کە باڵێکی بەرەو ئاسۆی بێسنوور بڵندە و ئەوی دیکەی مستێکی قایمی هەڵگرتووە. ئالێکساندرا بوو بە خاوەنی کتێب و لە مەمەڕەکانی دەستەڵاتدا ناوێک بوو، بەڵام لە پراکتیکدا پیاوانی دەستەڵاتداری سۆڤیەت هەموو دژایەتیەکیان کرد کە لە دەستیان هات و مەرگی پێش مەرگی ستالین کەوت. لەگەڵ ئەوەیشدا کە یەکێک بوو لە لایەنگرانی ستالین هێشتا بۆ ئەوان هێندە بێتام بوو کە زۆرینە کتێبەکانی تا ڕمانی یەکێتی سۆڤیەت دەرنەکەوتن.

ئێما گۆڵدمان ژنێک بوو کە هەروەک ڕۆزا و ئالێکساندرا و کلارا و سەدان و هەزارانی دیکە برووای بە دکتۆرینی تاکەکەسئامێزی لیبرالیزم نەبوو، بەڵکو گۆرانی بۆ چیرۆکی مەزنی ئەنارشیزم دەچڕی و خەونی بە کۆمەڵگای هاوپشت و هاوهەستەوە دەبینی. جارەنووسی ئەوە بوو لە کۆتاییدا کیشوەرێک لەوبەر ئەو وڵاتەوە بنێژرێت کە خۆشی دەویست.

ئێما گۆڵدمان کە بە بنەچە لوتینایی بوو نەک ڕووسیی زوو لە سۆڤیەتی مەزندا بێ جێگا ما و چوو بۆ ئەمەریکا. لە ئێمای مرۆڤدۆستدا بیرێک هەبوو لە شوێنێکدا هەڵەبوو. ئێما زوو دەستی بە خەباتی سیاسیی کرد و نەیدەتوانی لە ئاست

بێدەسـتەڵاتیی و کۆیلەژیانی کرێکارانی ئەمەریکا بێدەنگ بمێنێتەوە. ئێما لەگەڵ "بێرکم"ـی خۆشەویست و هاوسەریدا پرووای بە شۆڕش و بە مانگرتن و بە گوللەی تەقێندراو بوو. بەو هیوایەی کرێکاران هۆشیار بکات و کۆ بکاتەوە و شۆڕشـێکیان پێ بکات. سەرئەنجامی کاری زەبرگیریی و خۆپیشاندانی ناياسیی چەندین جار کەوتە زیندانەوە و دوا جار دیپۆرتکرایەوە بۆ سۆڤیەت. بەڵام زوو بۆی دەرکەوت کە ژیانی ژنانی قەڵای سۆسیالیزم بە شێوەی لێنین زەحمەتتر بوو لەوەی قبووڵ بکرێت. ئێما دووبارە ڕووی لە جیهانی سەرمایەداریی کردەوە و وڵات بە وڵات بێ ئەوەی لە یەکێکیاندا ئۆقرە بگرێت دەژیا و تەنانەت بەشداریی لە شەری ناوخۆی ئیسپانیاشدا کرد.

ئێما لە ١٤ مای ١٩٤٠ لە تۆرۆنتۆ لە کانەدا مرد. ئێما کەسایەتیەکی ناسراو بوو و تەنانەت زۆرێکیش لەوانە کە دژایەتی سیاسییان دەکرد لە دڵەوە ڕێزیان دەگرت.

پاش مردنی، بەشی پەناهێندە و کۆچبەران لە ئەمەریکا، ڕێگای بە هاورێکانی دا کە بیبەنەوە بۆ ئەمەریکا و لە ئەمەریکا بینێژن. ئێمای ڕۆح ئازاد لە گۆرستانی جێرمان ڤاڵدهایم لە شیکاگۆ نێژرا، لەو گۆرستانەی کە گەلێک کرێکار و زەحمەتکێشی لێنێژرابوون، لەوانە ئەو کرێکارانەی کە لە ١٨٨٦/٥/١ لە مەیدانی کا لە شیکاگۆ کوژران و کە پاشان ڕۆژی مردنیان بوو بە ڕۆژێکی دیکەی جیهانیی، واتە ١ ئایار.

ئێستا ئێما لە نێوان دوو ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان و کرێکارییدا ڕاکشاوە. سەرمایەداریی لەو ڕۆژانە تەندروستترەکە ئەم بە گەشبینەوە ڕۆژی مانەوەی حیساب دەکرد، بەڵام ئەو ڕاستیەش هەر درێژەی هەیە کە هێشتا خەبات هەر بەردەوامە.

ئێما، ئەو تاکەکەسەی لە زۆر ژنی کورد و ئەفغانی و ئێرانی و شیللی و هتاد دەبینرێتەوە، خەباتێکی سەخت و دژواری لە پێناوی ڕزگاریی مرۆڤ و ژندا کرد، بەڵام لە شوێنێکدا ئەو بیرکردنەوەیە بەشی نەدەکرد. ئێما لە شوێنێکدا پەلەی

کرد. ئێما پرۆژەی ئانارشیستیی بە شەخسیی دەبینی، هەروەک چۆن زۆرێک لە ڕاستگۆیانی ڕێگای کۆمۆنیزم و چەپی لێنینیستیی، بە نادروستییەوە، سۆسیالیزمیان بە پرۆژەیەکی شەخسیی دا دەنا.

نموونەکان زۆرن و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانیشدا بە سەدان و بگرە هەزاران ژنی ڕەنجبراو و ڕەنجخوراوی کورد دەبینین، ئەوە هیچ کە ئەو ژنانە نەیانتوانیوە و بۆیان نەبووە دوو وشە پاش خۆیان بەجێبهێڵن، بەڵکو ئەوانەیش کە ماون لەبەر سەد هۆی ناموس و شەرەف و ئاخر و چی و چی ڕێگا بە خۆیان نادەن بکەونە گۆ. ژنان، تەنانەت ئەوانەیش کە ناخیان وەک تەندووری هەڵکراو گەرمە، لە شوێنێکدا مێژوو فێری کردوون سڵ لە قسە و لە هەڕەشەی پیاوان بکەن.

بەو شێوەیە حاڵی دەبین کە مرۆڤ لەو پەڕی خەباتی سەختیشدا ناتوانێت وەڵامی یەکسەری و گورج و سەرناسەریی وەبەرهەم بهێنێت. هیچ پێشنیارێک بۆ چارەسەر ناتوانێت دەرمان و وەڵامی ڕەها بێت، ناتوانێت حەوت دەرمانە و ئەزەلیی بێت. چارەسەر و وەڵام بە ئاستەم دەتوانێت هەمیشەیی و گشتگیر بێت، بەڵکو خودێکی کاتیی و ناگشتگیر و مەلموسی هەیە.

لەبەرئەوە پەیامی ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، بۆ ژنانی کوردستان ناوەڕۆکێکی هەمیشەیی و بەردەوامی هەیە.

ئێستا لەم ڕۆژەدا وا دەنگ و هەرای چالاکیی دەبیستین، پیاوانی بازنەکانی جەپی سوننەتی تەپڵی شۆڕش بە توندی لێدەدەن و پەرچەم و ئاڵای سوور بەملاولادا دەفرێنن و سەروسیمای ماڵپەڕ و تەلەڤیزیۆنەکانیان بە حەوت ڕەنگەی بەهارێ دادەپۆشن، گوێمان لە دەنگی هاتن و چوون و تەپەی پێیە، دەنگە خۆشەکان دەچریکێنن، سروودەکان خۆیان لە خوداکانیش گیف دەکەنەوە و دەنگەکان دلێر دەبن و دەماری دەست و مەچەک و مل شین و ئەستوور هەڵدەگەڕێن، هەموو هاوار دەکەن: وا ٨ مارس لە بەر دەرگایە.

بەڵام سبەینێیەکی ٩ مارس یان ١٠ و ١٥ و ڕۆژانی دیکە، دەنگەکان کز دەبن و چراکان خامۆش دەکرێن و گوێیەکان قورس دەبن، تەنانەت ئەو کاتانەیش کە کچە

چواردە ساڵ و پازدەساڵ بە زۆر بە شوو دەدرێن، بە بلۆک مێشکیان دەپژێندرێت و کەڵلەی سەریان پان دەکرێتەوە، کە بە دەیان و سەدان ژنان و کچان خۆیان دەکوژن و دەسووتێنن یان دەکوژرێن و دەسووتێنرێن، کە باوک و برا و مێرد دەبن بە پۆلیسی سوارە و دەستی دەسەڵاتی ئاسمانی و سەر ئەردی ناو خانەوادە دەبن.

ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، ئەم دەرفەتە بەکار دەهێنین کە خۆمان بەیان بکەین و دووپات بکەینەوە کە ئێمە دژ بە سوننەتکردنی ٨ مارسین و پێمانوایە بە سوننەتکردنی ئەو ڕۆژە بۆ خەبات زەرەر لە خەباتی هەمیشەیی و ساتیی و ڕۆژانە و درێژخایەنی ژنان و تاکەکەس و کۆمەڵگا دەدات. لێنین یەکێک بوو لەوانەی عاشقی بە نێونەتەوەکردنی ٨ مارس بوو،

ئەو گوڵێکی لە پارتی سۆسیالیستی ئەمەریکا و لە قسە نهێنیەکانی نێوان ڕۆزا و کلارا و دەستەخوشکانیان لە خەباتی سیاسیاندا برد و هەوڵیدا ٨ مارس (ئەڵبەت بە دروستییەوە!) ببێت بە سیمبولێک بۆ خەباتی هاوبەش، بۆ هاوپشتێتی و هاوسۆزیی و هاوخەباتیی. ئەڵبەت بێگومان لە پشت هەموو ئەوە مەبەستێکی تاکتیکیش هەبوو.

بەڵام زۆری نەخایاند ڕێکخراوە و ئەحزابی کۆمۆنیستیی و ئەوانەی لە لک و شاخەی ئەوانەوە دروست بووبوون هەموو خەباتی ژنانیان لەو ڕۆژەدا خولاسە کردەوە. ئەمە بوو بە دەردێکی کوشندە بۆ ژنانێک کە هەتا بنچەنەیان زنجیر و پێوەندە و بۆ ئەوانەی نەتەوەی بندەستن.

هیچ کەس لەوانەی لە بازنەی داگیرکەرییدان یان هەن بێگومان نایانەوێت ژنان و ئەندامانی نەتەوەیەکی بندەست بیستوچوار سەعاتە و ٣٦٤ ڕۆژی ساڵێک لە خەباتدا بن. هەموو ئەوانە دەخوازن و خەون بەوەوە دەبینن کە خەباتی چەوساوەکان، ژنان و کرێکاران لە تاکە یەک ڕۆژدا خولاسە بێتەوە. خەبات هەتا کەمتر و کورتتر بێت بۆ ئەوان باشترە.

سوننەتی وا هەروەها لە قازانجی ئەوانەیشە کە نانی چەپبوون و

سۆسیالیستبوون و کۆمۆنیستبوون دەخۆن و لەو ڕۆژانەدا لە هەر لایەکی دیکە لە هەڵپەڕکێ و نیشاندانی وێنەی شەهیداندا چالاکترن. ژنان و شەهیدان، تا ئێستا دوو بارمتەی بێزمان و بێدەنگ و بێنوێنەرن، کە زۆر لایەن، فڕکان فڕکانیان پێوە دەکەن و هەوڵدەدەن بازاڕی بێ مامەڵە و سەودای خۆیانی پێ گەرم بکەن.

لەبەرئەوە ئێمە لەو مانایەدا بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ سوننەتی خەباتی ٨ مارس دا نیین. بە پێچەوانەوە، ئێمە دەمانەوێت ٨ مارس بە دروستییەوە ڕۆژی هاوپشتیی و هاوسۆزیی و هاوخەباتیی ژنان بێت و بۆ خۆشی و شادیی سوودی لێوەربگیرێت. ئێمەی مرۆڤ ساڵانە ٣٦٤ ڕۆژمان بۆ کار و خەبات لە بەردەستدایە. ئێمە دەمانەوێت مرۆڤ بێتە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژانەوە، نەک یەک ڕۆژی ساڵەوە.

ئەوە، وەک زۆر خاڵی دیکە، خاڵی جیاوازیی ئێمەی سۆسیالدیموکراتە لە کوردستان.

ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، قەتیسکردنی خەباتی ژنان و بەستنەوەی بە ٨ مارسەوە بە بەشێک لەو نەزمە پیاوسالارییە دەبینین کە هەیە. پێمان وایە لە درێژخایاندا خەباتی ژنان لە جیددیەتی سیاسیی دوور دەخاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دژ بەوە نیین کە بۆ نموونە لە ڕۆژی ٨ مارسدا هەواڵی خۆش کتوپڕ بەیان بکرێت، بۆ نموونە کە ڤێنزوێلا لە ساڵی ٢٠٠١ دا بانگەوازی کردنەوەی بانکێکی میللی بۆ ژنان کرد. هەوڵێکی خۆش بۆ ئەوانەی لە پراکتیکدا بە تەنگ ژنانەوە دین.

لایەنی باشی ئەو بانکە بۆ نموونە ئەوەیە کە بە ڕێژەیەکی کەمی سوود پشتگیریی لەو پرۆژانە بکرێن کە ژنان هەیانە و کە ئەوان بتوانن بە یاسایی و دوور لە ژێر فشاری شەخسیی و جنسیی، پارە بە قەرز وەربگرن. واتە بەیانکردنی سەرئەنجامی کاری ڕۆژانەی ساڵێک لە ڕۆژێکی سیمولیکدا، نەک بە پێچەوانەوە.

هەر لەبەرئەوەیش بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ هەبوونی ڕێکخراوەی ژنان لە ژێر ناوی گشتگیریی وەکوو "ژنانی کورد" و "ژنانی کوردستان" نیین و پێمان وایە هیچ گرووپ و دەستەیەکی ژنان و کچانی کورد ناتوانن نوێنەرایەتی هەموو ژنانی

کوردستان، یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. کاری وا چەندیش مەبەستباشیی لە پشتەوە بێت، لە پراکتیکدا کارێکی تاکتیکییە و قازانجی بۆ تاکە حیزب و تاکەکەس دەبێت.

بۆیە ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، ڕێکخراوەی خۆمان هەیە چونکە بێگومانین لەوەی ژنان و کچانی ڕیزی سۆسیالدیموکراتیی بە پلەی یەک نوێنەرایەتی ئەوانە دەکەن کە پرووایان بەو دروشم و ئامانجانە هەیە و کە دڵخوازانە کاری بۆ دەکەن. ڕەنگە ئەو دروشم و ئامانجانە لە زۆر حاڵەتدا ببێت بە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی زۆرینەیەک لە ژنانی کورد، بەڵام ئێمە پرووامان بە گۆڕانە و دەشێت لە کات و دەمێکی مێژوویيدا وا نەبێت و دووبارە تەنها نوێنەرایەتی ئەوانە بکرێتەوە کە بە شێوەی ئەندام و لایەنگر بە ڕێکخراوەیی دەمێننەوە.

پەیامی ئێمە بۆ پیاوانی کوردستان هەمیشە ئەوەیە کە پێش هەر پیرۆزباییلێکردن و بە شانوباڵاهەڵدانێکی ڕۆژی ٨ مارس، بێن و لە ماڵی خۆیانەوە دەست پێ بکەن. لە کرداردا بەرابەریی نیشان بدەن و ئازادیی بە خوشک و دایک و هاوسەری خۆیان بدەن و دەست نەخەنە کاریانەوە.

سەرفراز و سەرکەوتوو بێت خەباتی ژنان لە پیناوی کوردستانێکی بەرابەرتر

سەرفراز و سەرکەوتوو بێت خەباتی مرۆڤ لە پیناوی جیهانێکی بەختەوەر، بەرابەر و تەندروست

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٩/٣/٦